# ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆنیسەراسەری پەنابەرانی عێراقی

## ژمارەیەك پەنابەری دیكە لەسویدەوە دیپۆرتدەكرێنەوە

سوید-یۆتۆبۆری 2009-11-17:




ڕێبوار حسین بەرپرسی فیدراسیۆن لەشاری یۆتۆبۆری بە سكرتارێتی فیدراسیۆنی ڕاگەیاند"ژمارەیەك پەنابەری كوردو عێراقی لە گرتووخانە دەستبەسەرەكانی سویدەوە پییان ڕاگەیەنراوە ئەمرۆ دیپۆرتی بەغدا دەكرێنەوە"

لەنامەیەكدا كە لەپەنابەرانی عێراقی یەوە بەناوی 250 زیندانیەوە ئاڕاستەی سكرتێری فیدراسیۆن كراوە ڕا گەیاندراوە"دەوڵەتی ڕاستی سویدی بەهاوكاری دەوڵەتی عێراقی بەپێ ڕێكەوتننامەی نیوانیان لەرێگای فرۆكەخانەكانیانەوە وەرمان دەگرنەوە...لەسجنەكانی یۆتۆبۆری ،ستۆكۆڵم،فلیین،ماڵمۆ وهلسنگ بۆری ئاگاداركراوینەتەوە كە 17-11 ئەمان نێرنەوە بۆ عێراق"

سكرتێری فیدراسیۆن ڕایگەیاند"سەرلەبەیانی ئەمرۆ نامەیەكمان ئاڕاستەی سەرۆك وەزیرانی سوید كردوە داوامانكردوە سیاسەتی بەزۆر نارنەوەی پەنابەرانی عێراقی ڕاگرن ،چەند هەنگاوی ترمان لەوڵاتە ئەوروپییەكان خستۆتە دەستوركارەوە تا بتوانیین دەستبەجێ بەهانای ئەو پەنابەرانەوە بچین"

دەشتی جەمال ئەوەش ووت"نامەیەكمان ئاڕاستەی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان سەرۆكی پەرلەمان و پەرلەمانتارەكانی كوردستان كردوە كە بەچاوێكی هەستیارانە لەكێشەی پەنابەران بڕوانن ودۆسیەی پەنابەران بخەنە بەر لێكۆلینەوە و ڕێگا چارەی كارساز و عەمەلی بۆ بدۆزنەوە كە لەخزمەتی بەرژەوەندیەكانی پەنابەرانو خەڵكی كوردستاندایە"

لەوینەیەکی ئەو نامەیەدا کە بە ناوەندی هەوالگری فیدراسیۆن گەیشتووە سکرتێری فیدراسیۆن داوای لەسەرۆکی حکومەتو پەرلەمانی کوردستان کردوە" ئەو پەنابەرە کوردانەی بەزۆرەملی ڕەوانەی کوردستان دەکرێنەوە لەلایەن فرۆکەخانەکانەوە وەرنەگیرێنەوە.، ڕاگرتنی دەستبەجێ ئەو ڕێکەوتننامانەی کە لەسەر ناردنەوەی پەنابەران ئیمزاکراوە وەبەرەسمی ڕابگەیەنرێت.،ئەم ڕەوشەی پەنابەران لەولأتانی ئەوروپا و بەتایبەتی سیاسەتی ناردنەوەی پەنابەران ئیدانەو سەرکۆنە بکەن و بەرەسمی بەحاڵەتی پێشێلکاری‌یەکانی مافی مرۆڤی لەقەڵەم بدەن.،زەخت بۆ وولأتە ئەورووپایەکان لە ڕێگای (UN) بهێنرێت ئەم زەخت وزۆرە لەسەر پەنابەرانی کورد لە لایەن وولأتە ئەورپایەکانەوە هەلگیرێ، زەختو فشار بهێنرێت بۆ حکومەتی عێراقی تەواوی ئەو ڕێکەتنە ئاشکراو نهێنیانەی لەسەر حسابی پەنابەران کراوە هەڵبوەشینەوە،هیچ پەنابەرێك لە فرۆکەخانەی بەغدا وەرنەگیرێتەوە، ئەو پەنابەرانەی بەزۆرە ملی دیپۆرتی کوردستان کروانەتەوە قەرەبوو بکرینەوە ،بیمە یان کاری گونجاویان بۆ دابین بکرێت.وەلأم بە خواستەکانی پەنابەرە دیپۆرتکراوەکان بدەنەوە کە بەشێوەی یاداشت ئاڕاستەی پەرلەمان وسەرۆکی حکومەت کراوە.،داواکاری قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری ئەو پەنابەرانەیین کە منداڵەکانیان لەڕیگای پەنابەریدا تیاچوون.."

IFIR:**PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK:CONTACT:00447856032991**

**ifir@hotmail.co.uk** www.federationifir.com www.csdiraq.com **00447895636633or**